# مەزراندنی ئەفسانە لە ئەدەبدا

**ID No. 138**

(PP 111 - 120)

https://doi.org/10.21271/zjhs.26.2.8

**نعمە قەرەنی ئیسماعیل**

بەشی کوردی - کۆلێژی پەروەردە / زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر

neamah.ismail@su.edu.krd

**نەوزاد وقاس سەعید**

بەشی کوردی - کۆلێژی پەروەردە / زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر

nawzad.saeed@su.edu.krd

**وەگـــــرتن : 2021/12/13**

**پەسندکردن : 2022/01/17**

**بڵاوکردنەوە : 2022/03/28**

**پوختە**

ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە "مەزراندنی ئەفسانە لە ئەدەبدا". ئەفسانە وەك حیکایەتێکی پیرۆز، کە هەوڵی شرۆڤەکردنی گەردون و دیاردە سروشتییەکانە لە دیدی مرۆڤی سەرەتاییەوە، بەشێواز و جۆری جیاجیا لە تێکستی ئەدەبیدا دەمەزرێنرێ، ئەم توێژینەوەیەش هەوڵێکە بۆ خستنەڕوی چۆنییەتی مەزراندنی ئەفسانە لە ئەدەبدا بەگشتی، واتە ئامانجی توێژینەوەکە بەرباسخستنی میکانیزم و جۆر و پاڵنەرەکانی مەزراندنە لە تێکستی ئەدەبیدا. گرنگی توێژینەوەکە خستنەڕوی ئەوەیە، کە چۆن ئەفسانە ـ وەك سەرەتاییترین فۆڕمی بیرکردنەوە و تێڕامانی مرۆڤ لە گەردون ـ لەپێناو گەیاندنی مەبەستی جۆراوجۆردا لە تێکستی ئەدەبیدا دەمەزرێنرێ. بە واتای ئەوەی، توێژینەوەکە تیشکدەخاتەسەر چۆنییەتی و جۆری ئامادەگی/ڕەنگدانەوەی ئەفسانە لە ئەدەبدا. توێژینەوەکە دابەشکراوەتە سەر دوو تەوەر. تەوەری یەکەم جگە لە سەرەتایەکی کورت تەرخانە بۆ ناساندنی چەمك و زاراوەی مەزراندن، پاشان تیشکدەخرێتەسەر میکانیزمەکانی مەزراندن. تەوەری دووەم پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی مەزراندن و جۆرەکانی مەزراندن لەخۆدەگرێ. لە کۆتاییشدا ئەنجام، سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی دەخرێنەڕو.

**کلیلە وشەکان**: مەزراندن، ئەفسانە، میکانیزمی مەزراندن، جۆرەکانی مەزراندن.

## 1. سەرەتا

مەزراندن بە واتای کردەی چنین ـ بۆ نمونە چنینی ئەفسانە ـ لە تێکستی ئەدەبیدا دێت، بە ئامانجی گەیاندنی مەبەستێکی دیاریکراو و بێ زۆرلەخۆکردن و شێواندنی تێکست. مەزراندن بەخشینی سیمای نەمرییە بە کەلتوری نەتەوەیی و دوبارە ژیانەوەیە لە تێکستی سەردەمییانەدا، واتە بەستنەوەی ئەزمونی مرۆڤی بەراییە بە مرۆڤی سەردەم بۆ بەدەستهێنانی دەلالەتێکی نوێ کە لەگەڵ ئەو ئەزمونە نوێیەدا بگونجێ. بەمجۆرە، مەزراندن وەك تەکنیکێکی ئەدەبی گەیاندنی هێزی ڕابوردوە بە توانای ئەمڕۆ لەپێناو گەیاندنی پەیامێك کە لە خزمەتی مرۆڤایەتی دابێ. نوسەر لە پرۆسەی مەزراندندا پێویستە زانیاری تەواوی لەسەر تێکستێکی ڕەسەن هەبێ و توانای دوبارە داڕشتنەوەی هەبێ بەشێوەیەك کە سود یان چێژێك بگەیەنێ، لە کردەی مەزراندندا پاڵنەرە دەرەکی و ناوەکی و خودییەکان ڕۆڵی سەرەکی دەبینن.

ئەفسانە خەزێنەیەکی لەبن نەهاتوی مرۆڤایەتییە، حیکایەتێکی کەلەپورییە و هەڵگری مانایەکی قوڵە، نوسەرانی سەردەمە جیاجیاکان بەشێوازی جیاجیا سودیان لێ وەرگرتوە و لە تێکستەکانیاندا مەزراندویانە، مەزراندنیش جۆری جیاجیای هەیە، وەك : دەرکەوتن، گونجاندن، بروسکەیی، ئەم جۆرانەش بە شێوە و ڕێژەی جیاواز لە تێکستە ئەدەبییەکاندا مەزرێنراون.

### 1.1 ناساندنی مەزراندن (زاراوە، چەمک، پێناسە)

مەزراندن زاراوەیەکی ئەدەبیی ڕەخنەییە، بەرامبەر بە وشەی (توظیف)ی عەرەبی و (use)ی ئینگلیزی و (استخدام)ی فارسی دێت. لە فەرهەنگی (لسان العرب) دا بە مانای (مەزراندنی شتێ لەسەر خۆی، بە شێوەیەک کە ناچاربووبی بیمەزرێنێ) دێت (ابن المنظور، ص.٤٨٦٩). واتە لە ڕوی زمانەوانییەوە مەزراندن وەکو پێویستییەک بۆ گەیاندنی مەبەستێک ئەنجامەدرێت.

چەمکی مەزراندن لە ئەدەبدا، بەو مانایە دێت، کە نوسەری هاوچەرخ جۆرە پەیوەندییەکی نوێ لەگەڵ کەلتوردا دروستدەکا و بەکاریدێنێ، جیا لەوەی کە تەنها گەیاندنی مەبەستێک بێ، لەم قۆناغەشدا بە زیادکردنی بەهای نەمری ئەو کەلتورە، کاتێک کەلتور

دەبێتە هێمایەک بۆ هەموو سەردەمەکان و پەیوەست نابێ بە سەردەمێکی دیاریکراو و دەرئەنجامەکانیشی سیمای نوێ وەردەگرن، نوسەر هەڵیان دەبژێرێ و لە بەرهەمەکەیدا دەیانمەزرێنی ، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەزمونەکەیدا بگونجێ و گوزارشت لە خەمەکان بکات، بەمەش ئامانجێکی دوولایەن دەستەبەر دەکات ، بە مانا گشتگیرییەکەی جۆرێک لە ڕەسەنایەتی و گشتگیری بەبەستنەوەی ئەزمونی مرۆڤایەتی بە ئەزمونی خۆی دەبەخشێ، لەلایەکی تریشەوە دەرەنجامەکان دەوڵەمەند دەکات بەزیادکردنی دەلالەتی نوێ بۆ بەدەستهێنانی ژیانێکی نوێ. (زاید، ١٩٩٧ ، ص.٥٨-٥٩ )

زۆرجار نوسەر لە کردەی مەزراندندا سود لە حیکایەت و خەیاڵی ئەفسانەیی وەردەگرێت بەو واتایەی ((مەزراندنی فۆلکلۆر هەروا بە ئاسانی وسەرپێییەوە نیە، هەر تەنیا گواستنەوەی بیرۆکە وکەش و هەوای فۆلکلۆری بەس نیە......، بەڵکو پێویستە سود لە هێزی ئەندێشەی هەقایەتی ئەفسانەی و خورافی وەربگیرێ)).( رەشید، ٢٠٠٧ ، ل. ٨٨)

کەواتە مەزراندن تەکنیکێکی ئەدەبی و هونەرییە، دەنگی ئێستا و ڕابوردو بەیەکدەگەیەنێ و تێکەڵی دەکات، بەمەبەستی گەیاندنی پەیامێک لە بەرهەمی ئەدەبیدا. علي عشري لە بارەی مەزراندنی کلتورەوە دەڵێ (( مەزراندن واتە بەکارهێنانی دەرەنجامەکانی کەلەپور، بە بەکارهێنانێکی هونەری و ئاماژەیی، کە بەشێوەی رەمز بیمەزرێنێ بۆ لەخۆگرتنی ڕەهەندەکانی سەردەم لە دیدی شیعری شاعیرەکەوە، کەوا شاعیر تایبەتمەندی ئازارەکانی خۆی بەسەر دەرەنجامەکانی کەلەپور دادەبەزێنێ و دەبێتە دەرەنجامێکی کەلەپوری سەردەمیانە و گوزارشت لە تاڵترین خەمەکانی شاعیری هاوچەرخ دەکات، لەو کاتەی کە شاعیر هەڵگری هەموو ڕەسەنایەتی وئەساڵەتێکی / پاکیزەییەکی کەلەپورە، کە پەیوەندییەکی تۆکمە لەنێوان کەلەپوری کۆن و دیدی شعری هاوچەرخ دروست دەبێت و نابێتە شتێکی سەپێندراو)).( رحاحلة ، ٢٠٠٧، ص. ١٥-١٦)، بەکارهێنانی ئەو دەرەنجامەش لە ئەنجامی ((سود وەرگرتن لە کەرەسەی خاوی کەلەپورە بۆ دەقی ئەدەبی و بارگاویکردنیانە بە دید و بۆچونی نوێ کە لە دەقە رەسەنەکەدا بەشێوەیەکی ڕون بەرچاو نەکەوتووە، کە بگونجێ لەگەڵ شێوە هونەری و ئیستاتیکیەکەیدا)). (المفرح، ١٤٢٥-١٤٢٦، ص. ٢٠)

ئەفسانە هەڵگری کۆمەڵێک ڕەگەز و ڕەهەند و هێمایە، دەشێ نوسەر ئەم ڕەگەز و هێمایانە جارێکی تر لە تێکستێکی ئەدەبیدا بیمەزرێنێتەوە. بەمپێیە مەزراندن ((باشترین شێوازە، کە رەگەزەکانی ئەفسانە تێیدا تێکچرژاو و تێکەڵ بەیەک ناکرێن، بەڵکو لە ڕێگای ئەو دەلالەتە نوێیانەی کە وەری دەگرن سەرلەنوێ زیندوو دەکرێنەوە ))(زاید، ١٩٩٧ , ص. ٦١).

مەبەست لە تەکنیکی مەزراندن چۆنییەتی ئاماژەکردن و بەکارهێنانی ئەفسانەیە لە ڕێگەی تێگەیشتن لە هێما وئاماژە و دەرەنجامەکانییەوە و دواتر نوسەر چۆن لە ڕێگەی فێڵی زمانەوانی و تەکنیکەکانی هونەری نوسینەوە، لە دەقی ڕۆمانێکدا بیانمەزرێنێ دوبارە ژیانیان پێ ببەخشێتەوە ، مەغزا و مەبەستەکەی بگەیێنێ.

**2.1 میکانیزمەکانی مەزراندن**

کاتێ نوسەر بیەوێ کەلتور و ئەفسانە لە دەقەکەیدا بەرجەستە بکات، پێویستە زانیاری لەبارەی میکانیزمەکانی مەزراندنەوە هەبێ، دەکرێ لەچەند خاڵێکدا بەمشێوەیە بخرێنەڕو:

((١. مەزراندنی دەقی ڕەسەن و سود وەرگرتن لە کانیاوەکەی ،کە ڕێگە بە فرە خوێندنەوە و شرۆڤە کردن بدات.

٢. تێگەیشتن لە حەقیقەتی جیاوازیە ئەدەبی و سیاسی و ئاینییەکاندا و پێوانە نەکردنیان بە کێشانەی ئێستا و جیاوازیەکانی، چونکە جیاوازی کۆنینەکان (باوان، پێشینان) لە کاتی بەهێزییەوە و بە کاریگەری ناوەخۆیی بوە ، بەڵام جیاوازیەکانی ئەمرۆمان لە کاتی بێ هێزیە و بە کاریگەری دەرەکیەوەیە)). (المخلف، ٢٠١٠، ص. ٢١٣)

٣. توانای هونەریی دوبارە داڕشتنەوەی ئەزمونی کەلەپور و توانا هێماییەکانی ، بەهۆی تێگەیشتن لەو ئیمکانیاتە ئاماژەییانەی کە هێمای کەلەپور لەخۆی دەگرێ .( رحاحلة، ٢٠٠٧،ص. ٥٨ )

٤. زانیاری تەواو لەسەر سروشتی دەقی مەزرێنراو و ڕادەی گونجان و شیاوبونی بۆ لەخۆگرتنی ئەزمونی دەقی هاوچەرخ.

٥. تێگەیشتن لە بابەتی مەزرێنراو، لەوەی کە چ سودێکی هەیە بۆ پێشکەشکردن و شیکردنەوەی ناوەوەی دەق، بۆ نزیککردنەوەی دەقەکان و رازاندنەوەیان. (المخلف، ٢٠١٠، ص. ٢١٣).

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵانە ، نوسەر توشی رازاندنەوەی نابەجێ نابێ ، بەڵکو پەیرەو کردنیان دەبێتە هۆی سەرنج ڕاکێشانی خوێنەرو بەرزیی بەرهەمەکەی.

### 1.2 پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی مەزراندن:

پەنابردن و بەکارهێنانی مەزراندن لەلایەن نوسەرانەوە، بەهەر مەبەستێك بێ، کارێکە بەرگێکی جیاواز بە بەرهەمەکە دەبەخشێ، ئەم بەکارهێنان و سود وەرگرتنەش لە هەستی قوڵی نوسەرانەوە بۆ سروشتی ئەفسانە سەرچاوە دەگرێت، کە لەرێگەیەوە دەکرێ چەندین بنەما ورەهەندی زانستە مرۆڤایەتیەکانی وەک دەروناسی و ئەنترپۆلۆژیا دەرکەوت بکەن.

پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی مەزراندنیش جۆرا و جۆرن، پێویستە بە شێوەیەکی رێکخراو پۆلێن بکرێن و بە کورت و پوختی گرنگترینیان بخرێتەڕو، بۆ خۆ بەدوور گرتن لە ئاڵۆزی و تێکەڵاو کردنیان ، کە دەبێتە هۆی پەرش و بڵاوی ، ئەمە لە لایەک، لەلایەکەی تریش لەبەر ئەوەی زۆربەی پاڵنەرەکان بە شێوەیەکی رێژەیی واتە کەم تا زۆرێک پەیوەندیان پێکەوە هەیە، لە دیارترن ئەو پاڵنەرانەش:

١. پاڵنەری دەرەکی

٢. پاڵنەری ناوەکی

٣. پاڵنەری خودی.( رحاحلة، ٢٠٠٧، ص. ٤١-٤٨ )

### 1.1.2 پاڵنەری دەرەکی :

بریتیە لە کاریگەری ئەو هۆکارانەی کە هیچ پەیوەندییەکی رەسەن و ڕاستەوخۆیان بە کەلەپورو و شارستانیەتەکەیەوە نییە، بەڵکو کاریگەریەکەی بۆتە پاڵنەرێک لای ڕۆماننوسانی هاوچەرخ، بۆ بەکارهێنان و مەزراندنی کەلەپور بە گشتی و ئەفسانە بە تایبەتی، ئەم هۆکارانەش ئەمانەن:

١. کاریگەری شێوازی نوسینی ڕۆمانی نوێ لە ئەوروپا و ئەمریکای لاتین دا:

نوسەرانی ئەوروپا و ئەمریکای لاتین زۆرتر تەکنیکی مەزراندنی کەلەپور یان ئەفسانەیان بەکارهێناوە ((ئەوەتانێ هەموو میللەتانی ئەمریکای لاتین ئەو سەرچاوەی فۆلکلۆرە دەبێتە کانگای داهێنان و ناسینەوە و تایبەتمەندی و پێناسەو بەڵکو لەسەر ئەم بونیادەشەوە هزر و خەیاڵی پڕ لە سیحری فانتازیا ئامێز و ئەندێشەی ئایندەخوازی و ئەفراندنیان لەم چۆنیەتیە وەردەگرن)) (رەشید، ٢٠٠٧، ل.٨٧) ئەم بەکارهێنانەش بە ڕادەیەکە کە (( بەگشتی گەڕانەوە بۆ ناوە کەلەپوریەکان و مەزراندنیان بە شێوەیەکی هێمایی (رەمزی) بۆ دەلالەتکردن لە بیرۆکە و هەڵوێستی دیاریکراو، بۆتە مۆرکێکی نوێی بەرهەمی ئەوروپی)).( ثامر،١٩٩٤، ص. ١٣١) لەم ڕووەوە ئەدەبیاتی کوردی بەڕونی کاریگەری بەرهەمی بیانی بەسەرەوە دیارە، چونکە کوردستان بە ڕووی دونیادا دەروازەکانی کرایەوە و لە کۆمەڵگایەکی داخراوی ژێر دەست، بەرەو کۆمەڵگایەکی ئازاد و کراوە هەنگاوی نا ، کە ئەمەش لە ئەنجامی گەشت کردن و مانەوەی بەشێک لە نوسەران و ئەدیبان بو بۆ وڵاتانی ئەورپا و ئەمریکا ، جگە لەوەش نابێ گرنگی و کاریگەری وەرگێڕان لەیاد بکرێ، بەمەش نوسەران ئاشنای بارودۆخی نوێی جیهان بون و توانیان زانیاری لەبارەی ڕۆشنبیری گەلانی تر کۆبکەنەوە و داهێنان بکەن و بەرهەمە ئەدەبیەکانیان شیبکەنەوە و سودیان لێ وەرگرن.

٢. کاریگەری بەجیهانی بونی نوسەر:

رەنگە سەرسامبونی نوسەری کورد بە نوسەرانی بیانی و شێوازی داهێنانەکانیان ، ببێتە هۆی ئەوەی خۆی لە قاوغی نوسەرێکی نەتەوەیی دەربێنێ و وەکو نوسەرێکی جیهانی خۆی بناسێنێ و لاساییان بکاتەوە و شانازی بە خوێندنەوەی بەرهەمی بیانییەوە بکات. بێگومان ئەمەش کاتێک زیاتر دەردەکەوێ کە بەرهەمەکانیان وەردەگێردرێنە سەر زمانانی تر ، ئەوا پێویستیە و ناچاریە کەوا دەقێک بنوسن سیمایەکی جیهانی هەبێ و ڕەمز و دەلالەتی ئەفسانەکانی جیهانی تیا بەرجەستەکرابێ.

### 2.1.2 پاڵنەری ناوەکی :

بریتین لەو هۆکارانەی کە دەرکەوتنەکانیان بە کاریگەری لایەنە ناوەکیەکانەوە بەندە، وەک لایەنی (سیاسی، کۆمەڵایەتی، هونەری) ، ئەم کاریگەریەش نوسەر بەرەو گەڕانەوە بۆ بەکارهێنان و مەزراندنی بابەتەکانی فۆلکلۆر و ئەفسانە بردوە بۆ گوزارشت کردن لە بیرو بۆچونەکانیان ئەمەش لەرێگەی بەکارهێنانی ڕەمز و ئەو بنەمایانەی کە لەخۆی گرتوە و بەشێوەیەکی هونەریانە لە دەقەکانیاندا بیمەزرێن ، گرنگترینیان:

١. کاریگەری هەستی زیندووکردنەوەی ئەفسانە: گەڕانەوە و زیندوکردنەوەی بابەتەکانی فۆلکلۆری و بەتایبەتی ئەفسانە بە قۆناغ و پرۆسەیەکی زۆر گرنگ دادەنرێ لە ئەدەبی کوردیدا. تا ئەمرۆش ئەفسانە ((پارێزگاری لە گرۆتینی خۆی دەکات، چونکە بەشێک نیە لەم جیهانە و نوسەری هاوچەرخیش پەنای بۆ زیندووکردنەوەی ئەفسانە بردوە تا ببێتە هێمایەک زانیاری لەسەر بنیات بنرێ و ئالنگاری(تحدی) لۆژیکی پێبکات و ئەفسانەی نوێی لێ دروست بکات )).( ندی، ٢٠١٣،ص. ٨٩)

بۆیە نوسەران هەستیان بە گرنگی و توانای فۆلكلۆر و ئەفسانەی كوردی كردوە و لەسەردەمی خۆی تێیان پەڕاندوە. لێرەدا ((ئەدەب دەیەوێ هێزی ئەفسوناوی بۆ ئەفسانە بگێڕێتەوە و نوسەرانیش بەسودوەرگرتن لە دەلالەتەكانی و تێكەڵكردنی ئەزمونەكانیان بە هەموو دەرەنجامەكانیەوە مەزراندویانە)) ( ندی، ٢٠١٣، ص. ٨٩) ، لەگەڵ ژانری نوێی سەردەم تێكەڵیان كردوە و سودیان لە رەهەند و كاریگەریەكانی وەرگرتووە. یەكێك لەسودە سەرەكیەكان ((مەزراندنی ئەفسانە و بابەتەكانی فۆلكلۆری بریتییە لە زیندوكردنەوەی ئەو دەقانە، بۆ ئەوەی لە فەوتان رزگاریان بێت)).(قادر، ٢٠٠٩، ل. ٢٩) ، هەروەها ((دۆزینەوەی گەوهەری كەلەپور و دەركەوتنیان و رامان لەو بەها فكری و روحی و هونەریەی هەیەتی كە شیاوی مانەوە و بەردەوام بوونە)).( زاید، ١٩٩٧،ص. ٢٠)، بێگومان ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ بەئاگایی بونی نوسەران لەو خەزێنە بەنرخەی كە میللەت خاوەنییەتی و دوبارە ژیانەوە و گواستنەوەیان بۆ نەوەكانی دوای خۆیان.

٢. ئەو باوەڕەی لەلای نوسەرانی كورد هەیە، كە كەلەپور و ئەفسانەكان توانای لە ئەستۆگرتنی رەهەند و مەوداكانی ئەزمونی بەرهەمەكانی سەردەمیان هەیە و (شارەزابون لەو كەلەپورە بە دەرەنجام و هێما و بەهاكانیەوە كە چەندە دەوڵەمەندە و ئەمەش توانای ئەوەی پێداون بە زمان حاڵی سەردەمیانە گوزارشت بكەن) ( رحاحلة، ٢٠٠٧، ص. ٤٣) . كاتێ نوسەر هەندێ ئەفسانەی كۆن دەهێنێت و لەسیاقی رۆمانەكەیدا دەیمەزرێنێ بە مەبەستی قوڵكردنەوەی تێروانینی سەردەمیانەیە لەو كێشە و گرفتانەی كە دەیانخاتەڕو، بەواتایەكی تر بۆ پاڵپشتی كردن لەم بۆچونە پێویستە پشت بە ئەفسانەیەكی دیاریكراو ببەستێ.

٣. هەستكردن بەو مەترسیەی كە گەلی كورد لە ساڵانی هەشتاكان[1] دوچاری بویەوە. بەهۆی زۆرداری و زوڵمی رژێمی بەعس، كە هەوڵی لەناوبردنی میللەتی كورد و نەهێشتنی رەگ و رەسەنایەتی دەدا، بێگومان نوسەران هەوڵی پاراستنی كەلەپوری نەتەوەیی دەدەن و( هەست بەو مەترسیانە دەكەن كە هەرەشەن بۆ كەلەپوری فكری و روحی نەتەوەیەک) ( رحاحلة، ٢٠٠٧، ص.٤٣)، ئەمەش دەبێتە پاڵنەرێكی بەهێز بۆ دروست بونی هەستی بەرپرسیاریەتی لای نوسەران و گەڕانەوەیان بۆ ئەفسانەكان و مەزراندنیان لە بەرهەمەكانیاندا.

٤. ئازادی رادەربڕین[خواست و ترس] : كاتێ نوسەر چارەنوسی لە ژینگەیەكی رامیاری و كۆمەلایەتی پڕ نەهامەتی و شەڕ و ئاژاوە و دەردەسەری دەبێ، بێگومان گوزارشت كردن لەو ئاریشەو مەینەتیانە بەشێوەیەكی راستەوخۆ تاوانێكە لێخۆشبونی نییە، بە تایبەتی ئەگەر پەیوەست بێ بە لایەنێكی تەم و مژاویی پیرۆزی و راستگۆیی، بۆیە نوسەر نەریتی ناچاری و خۆگونجاندن پێشكەش دەكات، چونكە هۆكارێكی گونجاو نادۆزرێتەوە بۆ گوزارشت كردن،تەنیا هەڵخەڵەتاندن و یاریكردن بە دەستەواژە و وشەكانەوە نەبێت.

لێرەدا مەبەست ئازادیی گوزارشت كردنە لەژێر سێبەری ئەو ترسەی هەیە، بەمەش نوسەر ناتوانێ كێماسیەكان پیشانی خوێنەربدات، بۆیە نوسەر پەنا بۆ مەزراندنی ئەفسانەكان دەبات و بەشێوەیەكی ناراستەوخۆ گوزارشت لە رای خۆی و هەستەكانی دەكات، هەروەک ئەو كارەسات و نەهامانیانەی بەسەر گەلی كورد داهات وەک (كیمیا باران و ئەنفال و بەعەرەبكردن و سوتانی گوندەكانی كوردستان و راگواستنی خەڵكەكە بەرەوشار)، لەلایەن رژێمی بەعسی عێراقیەوە. لە ناوەخۆشدا دوولەت بونی هەرێمی كوردستان و هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان حیزبە سیاسیەكان. ((ئەم جۆرە شێوازەش لە گوزارشت كردن هەر لە كۆنەوە شێوازێكی باو بووە و دەستەڵاتی سیاسی تاكە پاڵنەر نەبوە، بەڵكو دەستەڵاتی ئاینی و كۆمەڵگاش ئەگەر بەرێژەیەكی كەمتریش بوبێ ، كاریگەری و رۆڵی خۆیان هەبوە)) ( رحاحلة، ٢٠٠٧، ص. ٤٤)

### 3.1.2 پاڵنەری خودی :

بریتین لەو پاڵنەرانەی كە لە ناخی نوسەرەوە هەڵقوڵاون و نوسەر خۆی دەستەڵاتی لە دۆزینەوەیاندا هەیە، گرنگترینیان:

١. هەستی رق و نارازیبون لەو بارو دۆخەی كە نوسەر تێیدا دەژی:

یەكێک لەو پاڵنەرە خودیانەیە كە ئاڵۆزی و بێ تام و بۆیی و قورسی ژیانی سەردەمیانە بە هەمو لایەنەكانیەوە كاردەكاتە سەر باری دەرونی نوسەر بۆیە (هەندێ لە نوسەران ئارەزوی پیشاندانی دیوە ناشیرینەكانی كۆمەڵگە دەكەن كە پڕە لە نەزانین.) (وتار، ٢٠٠٢، ص.٢١٨) گەلێ جار ئەنجامەكەی دەبێتە هۆی گەڕانەوەی تاک بۆ ژیانی سادەی رابردوو و پەنابردن بۆگوزارشت كردن لەو حاڵەتە دەرونییەی كە نوسەر تێیدا ژیاوە ، كە ئەمەش پەیوەندی بە لایەنی رامیاری و ئابوری ...هتد دا هەیە، ( پێشتریش ئاماژە بەوە كراوە)، كە پاڵنەرەكان تەواوكەری یەكترن و هەمویان لە خزمەتی گەیاندنی یەک مەبەستن.

---

1 . كە دەكاتە ئەو ساڵانەی پێش ئەو قۆناغەی لەم توێژینەوەیە وەرگیراوە.

٢. دورکەوتنەوە و هەڵاتن لە درکاندن و ڕون و ئاشکرایی لە دەربڕینی هەست و سۆزدا:

بەهۆی کاریگەری هۆکاری دەرەکی و ناوەکییەوە، خواستێک، ئارەزوییێک لەگەڵ خواستێکی تر بۆ پیشاندانی نوێگەری هاتووە، نوسەری هاوچەرخیش گەڕاوەتەوە بۆ کەلەپور، تا بەهۆیەوە بە شێوەیەکی هونەریی نوێ گوزارشت لە هەست و سۆزەکان بکات. لەم پاڵنەرەدا کاریگەری خودی لەڕێگەی گەڕانی نوسەر بەدوای هێما و ئەو بنەمایانەی کەلەپور کە بتوانێ لە ڕێگەیانەوە گوزارشت لە خودی خۆی بکات دەردەکەوێت. ( رحاحلة، ٢٠٠٧، ص.٤٤)، نوسەر بەکارهێنانی ڕمزی ئەفسانەیی بە هەڵاتن لە واقع و ڕێگەیەک لە بەدیهێنانی خودیەتێکی کپ کراو دەبینێ، ئەو ڕەمزانەش دەمەزرێنێ لە پێناو گەیشتن بەو مەبەستانەی کە دەلالەتەکانی ئەو ئەفسانەیە هەڵگریەتی.

٣. گەڕان بەدوای نمونەی باڵا:

دوای ئەوەی نوسەری هاوچەرخ هەستی ناڕازی بونی لەلا دروست دەبێ بەرانبەر ئەو واقیعەی تێیدا دەژی، بۆ دەربڕینی تێڕوانینەکانی، بەدوای بەرهەمێکی بەرزدا دەگەڕێ کە دایبهێنێ، بەڵام خودیەتی خۆی لە هەڵبژاردنی ئەفسانەکەدا بەدەردەکەوێ، کاتێ ڕۆماننوس ئەفسانەیەک دەمەزرێنێ و لەلای پەسندە بۆ مەبەستەکەی، لێرەدا ڕۆڵی هێما و ڕەمزی ئەفسانەیی ئەو کارە ئاسان دەکات و دەتوانێ لە بەرهەمەکەیدا مەرامەکەی پێ بپێکێ.

٤. گونجان لە نێوان خودی نوسەر و کۆمەڵگا:

گونجاندنی هەست و بیروبۆچونەکانی خودی نوسەر لەگەڵ کۆمەڵگا ، دۆخێکە کە نوسەر بە دوایدا دەگەڕێ بەهۆی ئەو ((سەرنج ڕاکێشانە (جاذبیەتە) تایبەتیەی ئەفسانە، کە سروشت و مرۆڤ بەیەکدەگەیەنێ، هەروەها لەلایەنی هونەریەکەشەوە یارمەتی نوسەر دەدات لە بەستنەوەی خەونی عەقلی ناوەکی بە خەونی واقع و بەیەکگەیاندنی ئەزمونی خودی و ئەزمونی کۆمەڵایەتی و ئاسۆیەکی فراوان بۆ جۆراوجۆری لە پێکهاتە و بنیاتی دەقدا دەکاتەوە)) (عباس، ١٩٧٨، ص.١٢٩)، چونکە نوسەر بەشێکە لە کۆمەڵگا و کاریگەریەکانی لەگەڵ یەکتر ئاڵ وگۆڕ دەکەن. ئەو کاریگەریەش لە کاتی مەزراندنی ئەفسانەدا لە هێماکاندا بەدەر دەکەوێ، بۆ ئەوەی نوسەر خۆی بەدوور بگرێ لە دەستەڵاتی خودی و کۆمەڵگا.

٥. ئاستی ڕۆشنبیریی نوسەر:

ئاستی ڕۆشنبیریی نوسەر، هۆکارێکە بۆ سودوەرگرتن لە دەلالەتەکانی ئەفسانە و مەزراندنیان لە دەقەکانیدا. هەرچەندە عبدالمعطي الحجازي ڕای وایە زۆرێک لەو هێما ئەفسانەیی و کەلەپوریانەی لە شیعری شاعیراندا بەرچاو دەکەوێت، تەنیا بۆ ڕۆشنبیری یان داهێنانێکی سەردەمیانە لەبارە، بۆ هەڵخەڵەتاندن بەکاری دێنێ ، بەبێ ئەوەی ڕۆڵی کاریگەری لە بنیاتی دەقەکەدا هەبێ، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نوسەرانەی بەبێ باکگراوندێکی ڕۆشنبیری و بەبێ ئەوەی بتوانن لە بابەتەکە تێبگەن و ڕاڤەی بکەن و لەگەڵ کارەکەی خۆیاندا بیگونجێنن، بەڵکو تەنیا لە کەسانی تریان وەرگرتوە (محمود امین و اخرون ، ١٩٨٨، ص.٢٣٧) ،بەڵام لە حەقیقەتدا پێویستە نوسەر بەئاگاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەفسانەکاندا بکات هەروەک عزالدين المناصرة دەڵێ((وشەیەک یان ڕستەیەکی کەلەپوری کە لە یادگەی نوسەرێکی ڕۆشنبیردا هەیە، ڕەنگە ئاماژەیەک بۆ داهێنانی دەقێکی شعری بکات، بەو هۆیەوەش چەند ئاسۆیەکی بۆ بکاتەوە، کە لێی بێئاگا بوە، ئەو وشەو ڕستانەش وروژاندنێک دروست دەکات و پاڵ بە نوسەرەوە دەنێ ،کە لەشێوەی دەقێکدا کارلێکی لەگەڵ بکات)) ( رحاحلة، ٢٠٠٧، ص. ٤٨) ، کەواتە نوسەران بەهۆی مەزراندنی ئەفسانەکانی (بیانی یان کوردی) دەتوانن دەقێکی نوێ بەرهەم بهێنن، کە ئاماژەو دەلالەتی جۆراوجۆر لەخۆبگرێ.

ئەوەی خرایەڕو، گرنگترین ئەو پاڵنەرانەن کە دەبنە هۆکاری دەست بردن و بەکارهێنانی ئەفسانە لە بەرهەمی نوسەران دا. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە پاڵنەرەکان تێکچرژاون و کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە.

**2.2 جۆرەکانی مەزراندن:**

پەیوەندی نێوان ئەدەب و ئەفسانە و چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەفسانە لە دەقی ئەدەبیدا، کاری ڕەخنەی ئەفسانەییە، لەبەر ئەوەی ئەفسانە بۆتە جێگەی گرنگیدانێکی زۆر لە لایەن ڕەخنەگران و لێکۆڵەرانەوە. ڕەخنەگری کەنەدی (نوثروب فراي nothrope frge) لە ڕێگەی کارەکانیدا ئەم پەیوەندییەی قوڵتر کردوە و ڕەخنەی ئەفسانەیی پێ دەوڵەمەند کردوە، جەختی لەسەر گرنگی تێگەیشتنێکی ورد دەکردەوە بۆ کارە ئەدەبیەکان و هەوڵی ڕێکخستنی ڕەگەزەکانی دەدا پێش کارکردن لە ڕەخنەی ئەفسانەییدا ، وای دەبینی کە ((دەقە پیرۆزەکان یەکەمین بەڵگەنامەن کە پێویستە ڕەخنەگر بیزانێ و لێی بکۆڵێتەوە بۆ ئەوەی بگاتە دیدێکی تێر و تەسەلی بابەتەکە، لەبەر ئەوەی تێگەیشتین لە پێکهاتەکەی ، دەتوانێ لە نمونەی یەکەم بەرەو جۆرەکان لابدات و دەبینێ کەوا چۆن دراماکان لەلایەن داب و نەریتە (شعائري)ئەفسانەییەکانەوە بەدیار دەکەون)).( فراي ،١٩٩٢، ص. ٢٨)

فرای هەوڵیدا بناغەی میتۆدێکی نوێ بۆ شیکردنەوەی کارە ئەدەبیەکان دابمەزرێنێ، لە ساڵی ١٩٥٧ لە کتێبی (تشریح النقد – شیکردنەوەی ڕەخنە)دا لەم میتۆدەدا((هەوڵی داماڵینی میتۆدەکە دەردەچێ لە چەمکی میثە(Mythas)ەوە کە بەمانای: ئەفسانە لە حالەتی یەکەمدا دێ.. لەژێر ئەم ڕۆشناییە فرای هیچ جیاوازیەک لە نێوان ئەفسانەو ئەدەبدا نابینێ، نە لەجۆر و نە لە شێوە، تەنیا کەمێک نەبێ، ئەو جیاوازیە کەمەش لەو لادانەی(انزیاح) ئەفسانە ڕەسەنەکە دەبینێ، کە دەقی ئەدەبی بەرهەمی دێنێت. بۆیە ئەرکی ڕەخنە لە دۆزینەوەی ڕێژەی/چەندێتی ئەو لادانە لە ئەفسانە ڕەسەنەکەدا بەدیار دەکەوێت)).(الصالح ، ٢٠٠١، ص.١٧ )

کەواتە فرای کارە ڕەخنەییەکەی لەسەر بیرۆکەی لادان(انزیاح) بنیات دەنێ و ئەدەب وەکو ئەفسانەیەکی داماڵراو لە ئەفسانە سەرەتاییە ڕەسەنەکە دادەنێ. بە واتایەکی تر جیاوازی لە نێوان ئەفسانە و ئەدەبدا نابینێ، تەنیا لە ڕادەی لادانەکەیدا نەبێ، کە لە ئەفسانە ڕەسەنەکە وەرگیراوە، ئەمەش کاری سەرەکی ڕەخنەیە.

دواتر زاراوەی رەخنەی ئەفسانەیی لە کاری لێکۆڵەرانی قوتابخانەی ئەدەبی بەراوردکاری فەرەنسیدا چەسپاو و لێکۆڵینەوە ئەدەبیەکان لە ڕوانگەی ئەفسانەکانەوە بەکاریان هێناوە هەروەک (بیربرونال)ی ڕەخنەگر کاتێ مێتۆدی (ڕەخنەی ئەفسانەیی) لە ساڵی ١٩٩٢ دانا، کە بە نوێترین میتۆدی ڕەخنەیی دادەنرێ و لەو دەقە ئەدەبیانە دەکۆڵێتەوە کە ئەفسانە یان تێدایە، بە وتەیەکی گابریێل گارسیا مارکیز دەستی پێکرد کە دەڵێ (( هەر چیرۆکێک کە دەیاننوسین دە هەزار ساڵی ئەدەبی لەدواوەیە ,نەک تەنها لە پشت هەر چیرۆکێک، بەڵکو لەدوای هەر دەقێکیش، هێز ومەزنی ئەو داب و نەریتانە، تاکە پاساوێک نییە بۆ گرنگی پێدانی مێژونوسانی ئەدەب ، بەڵکو ڕێگەش دەدات بە لێکۆڵینەوەیەکی فراوان لە بارەی ئامادەبونی ئەفسانەکان لە دەقی ئەدەبیدا ،لەگەڵ ئەو دەستکاریانەی (تعدیلات)کە بۆی زیاد دەکات ئەویش لە ڕوانگەی ئەو تروسکایی و ڕوناکیەی کە لێیەوە وەریدەگرێ، بۆ ماوەیەک وا گومانم دەکرد دەتوانین چەند یاسایەک دابنێین، بەڵام ئەدەب بە جیاوازی بابەتەکە بەرگری تری دەکرد. ئەمڕۆ هەریەک لە(دەرکەوتن، گونجاندن، بروسکەیی) ی ئەفسانەکان لە دەقدا وەکو دیاردەیەکی هەمیشە نوێبونەوە دادەنێم، ئەم پۆلێنەی کە پێشنیازم کردوە هیچ مەبەستێکی نییە، تەنیا خستنەسەری کەمێک لەو ڕۆناکییە و دانانی جۆرێک لە شیکردنەوەی ئەدەبییە ئەویش رەخنە ئەفسانەییە)).(brunel,1992, p.72 )

بروناڵ لە ڕێگەی ڕەخنەی ئەفسانەییەوە گرنگی بە جیهانی ئەفسانە و ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ ئەدەبدا هەیەتی دەدات، بۆ ئەمەش سێ یاسای دانا[2] ، ئەوانیش :

١. دەرکەوتن

٢. گونجاندن

٣. بروسکەیی .(brunel,1992, p.72-81)

### 1.2.2 دەرکەوتن (التجلي-Emergence):

بریتییە لە ئامادەبونی یان دەرکەوتنی ڕەگەزێکی ئەفسانەیی لە بەرهەمی ئەدەبیدا،کە لەسەر تاکە دەقێک ناوەستێ، بەڵکو لەوانەیە سەراپای کاری نوسەرێک بگرێتەوە، لەوانەشە لەسەر ڕەگەزێکی ئەدەبی لەلایەن کۆمەڵێک نوسەر یان ئەدەبی نەتەوەیەک بوەستێ . بروناڵ یش وای دەبینێ کە ئەم جۆرە شیکردنەوەیە، واتە ڕەخنەی ئەفسانەیی زیاتر ڕەوایەتی/شەرعیەت وەردەگرێ ئەگەر بەرێکەوتی ئەفسانەیی لە دەقەکە دەستی پێنەکردبێ، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نیە تەنها بە شیکردنەوەی ڕوکاری دەرەوەی دەق واز بهێنرێ، بەڵکو پێویستە شیکردنەوەکە لە ناوەوە قووڵ بێتەوە ، لەوانەیە بۆ ئەم شیکردنەوەیەش زیاتر شەرعیەت بەدەست بێنێ، کاتێ بە ئامادەبونی ئەفسانە دەستی پێکردبێ، دەکرێ بە وەسفکردنێکی سەرپێیی واز لە دەقەکە بهێنرێ دەرکەوتنیش بە چەند تەکنیکێک دەردەبڕدرێ : .( brunel,1992, p.72_73)

١. تەکنیکی ناونیشان: کلیلی دەقەو ئاماژەیە بۆ ناوەرۆکەکەی، بەشێوەی ئاشکرا یان نا ئاشکرا دێت کە پێویستی بە ڕونکردنەوە دەبێت.

٢. تەکنیکی دەستپێکردن: لەمیانەی دەستەواژەیەک لە دەستپێکی دەقە ئەدەبیەکەیدا دەردەکەوێ، بۆ نمونە: (پەندێک یان وتەیەک یان ڕستەیەک کە پێویستی بە تێڕامان و لێوردبونەوە هەبێ و پێویستی بە ڕوونکردنەوە بێ لە پەراوێزدا.)

---

2 . بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ئەم یاسایانەی بروناڵەوە بڕوانە (جبابلیة،٢٠١٧، ص.٢٠٥-٢٠٨، عوادي، ٢٠١١، ص. ٣٢-٣٧ ، بن بوط، ٢٠١٣، ص.٢٤-٢٦).

٣. ناچاری /پێویست (اللازمة): بریتییە لە دووبارەبونەوە لە دەقی ئەدەبیدا، بۆ نمونە دەستەواژەیەک بە شێوەیەکی دیاریکراو دوبارە دەبێتەوە و دەچەسپێ بە شێوەیەک نەتوانرێ لێی دابڕێ.

٤. دەقئاوێزان(التناص): دەقئاوێزان بە ڕەنگ و بۆی دەق یان کۆمەڵە دەقێکی تێکچرژاو دادەنرێ، گەلێ جار نوسەر لە ڕێگەی مەزراندنی چەند دەقێکی تردا ، دەقێکی نوێ بەرهەم دەهێنێ لەو کاتەدا زۆرجار نوسەر پەنا بۆ دەقی کەلەپوری کە هەڵگری هێما و ڕەمزی ئەفسانەیین دەبات و دەقئاوێزانەکە دەردەکەوێ.

هەرچەندە جیاوازیەک هەیە لە نێوان مەزراندن و دەقئاوێزاندا، چونکە هەندێ لێکۆلەر و نوسەر دەقئاوێزان بە جۆرەکی مەزراندن دادەنێن، بەڵام هەندێکیان بە جیاوازی دەبینن، سید البحراوي ((مەزراندن بە جۆرێک لە جۆرەکانی دەقئاوێزان دادەنێ، بەڵام دەقئاوێزان تەنیا دەق دەگرێتەوە، هەرچی مەزراندنە دەق و کەسایەتی و روداو و هەموو قاڵبە ئەدەبیەکان دەگرێتەوە، هەروەها دەقئاوێزان تەنیا دەقی کەلتوری ناگرێتەوە بەڵکو دەقی هاوچەرخیش لەخۆ دەگرێ )).( المفرح، ١٤٢٥-١٤٢٦، ص. ٢٠)

٥. وەرگرتن و تێهەڵکێش کردن(الاقتباس و التضمین): وەکو وەرگرتنی دێڕە شیعرێک یان رستەیەک یان دەقێکی ئەفسانەیی و تێهەڵکێش کردنی لە دەقێکی نوێدایە.

٦. تەکنیکی ڕەوانبێژی(شێوەی ڕەوانبێژی-الصور البلاغية):لەم تەکنیکەدا ڕەگەزی ئەفسانەیی بە ڕونی دەردەکەوێ بەهۆی لێکچون یا خواستن یا درکە... .

٧. پاشخانی ئەفسانەیی: نوسەر بە ئەنقەست ڕەگەزێکی ئەفسانەیی دیار بەکارناهێنێ، بەڵکو پشت بە باکگراوندێکی ئەفسانەیی دەبەستێ و لەڕێگەی لێکچواندن و نزیککردنەوە و لە ژێر سێبەری هێما و ئاماژەکان دەیمەزرێنی، لێرەدا دەقەکەش دوو واتا دەبەخشێ: یەکەمیان هونەری ڕاستەوخۆیە و دوەمیشیان ناڕاستەوخۆ و لێکدانەوەی پێویستە، کە باکگراوەندە ئەفسانەییەکە دەنوێنێ و نوسەر ناوی ئەفسانەکە بە ئاشکرا دەرنابڕێت (ئەم حالەتەش پێویستی بە نوسەر و خوێنەرێکی ڕۆشنبیر هەیە).

**٨. بنیادی هونەری:**

لە تەکنیکی پێشوتر نزیکە، نوسەر پشت بە پەیکەری گشتی ئەفسانە دەبەستێ، ئەگەر جیاوازیش لە ناوەڕۆکەکەیدا هەبێ، دنیایێکی هونەری بۆ دەقێکی داهێنەرانە سازدەکات، کە ئاماژە بۆ ئەفسانەیەک بکات، دەرکەوتنەکانی ئەم تەکنیکەش لە سێ حاڵەتدا بەدیدەکرێن:

أ. ڕاشکاو و تەواو (صدیماوتماما): لە ناونیشان یان ناچاری یان دەقئاوێزان دەردەکەوێ. بۆ نمونە بە ڕاشکاوی ئاماژە بە ناو یان سیفەتێک ،.... بکات.

ب. پاژەیی (جزئي): لە ڕێگەی ئاماژە کردنەوە بە بەشێک یان سیفەتێک لە سیفەتەکانی ڕەگەزێکی ئەفسانەیی، بۆ ئەوەی ئەو بەشە ئاماژە بۆ گشت بکات. ئەمەش لە وێنەی ڕەوانبێژیدا دەردەکەوێ.

ت. پەنهان و تەم و مژاوی (مبهما و مضمدا):

بڵاوترینیانە لە داهێنانی ئەدەبیدا، چونکە پەنهانی و شاراوەیی ڕەگەزە ئەفسانەییە مەزرێنراوەکە ڕەهەندی فراوان بە داهێنەر دەبەخشێ و پانتاییەکی فراوانتری دەلالەتیش بە خوێنەر دەدات.

**2.2.2 گونجاندن (شیاوبون، المطاوعة) –Flexibility:**

بریتییە لە توانای ڕەگەزی ئەفسانەیی، لە گۆڕان و پێکهاتەی دەقی ئەدەبیدا، کە هاوشانی بیری داهێنەر و فەلسەفەکەی بێت بە هۆی کردەی نەرمی و گونجانەوە، ڕەخنەگر دەتوانێ نەگۆڕ و گۆڕانکاریەکانی ڕەگەزی ئەفسانەیی دەست نیشان بکات ،کە لە سروشتی وشەکەوە دەردەچێت. لە ڕێگەی سڕینەوە و زیادکردن، یان تێکەڵکردن یاخود لێکچواندندا، هەر بۆیە بیر برۆناڵ دەڵێ(( من گونجاندن بەکارناهێنم، تەنیا بۆ وشەیەکی نزیکەیی نەبێ کە زەحمەت بێ و نەتوانرێ بە ئاسانی خۆی بدات بە دەستەوە. وشەکە لە یەک کاتدا ئاماژە بە نەرمی لە چرکردنەوە و بەرگری لە ڕەگەزی ئەفسانەیی دەکات لە دەقی ئەدەبیدا)) .( brunel,1992, p.77)

لە گونجاندندا دەقی ئەفسانەیی تایبەتمەندیە گەوهەریەکانی لە دەست نادات، بەڵکو شێوە و ڕوخساری جیاواز وەردەگرێ، چونکە وشەی گونجاندن(لاستیکی) لە بنەڕەتدا (خاوەن هێما و ئاماژەیەکی فیزیاییە، لە دەستپێکی بەکارهێنانیدا، لە ڕەگەزی فیزیاییەوە دەستی پێکردوە، ئینجا گوازراوەتەوە بۆ زمان و دواتریش لەناو ڕەگەزەکانی دەقی ئەدەبیدا بەکارهاتووە، لەبەر ئەوەی مەزراندنی ئەفسانە و هێمای ئەفسانەیی لە لایەن نوسەرانەوە پشت بە تەکنیکی گونجاندن دەبەستێت، چونکە ئەگەر وانەکات، ئەوا

کارەکەی تەنیا وەکو کۆپییەک یان ڕەخنەیەک دەبێت، کەواتە گونجاندن بۆ گوزارشت کردن لە واقیعێک کە ئەستەم بێ دەستی بەسەردا بگیرێت بەکاردێت) (عوادی، ٢٠١١، ٣٥-٣٦ ). گونجاندن لەچەند دۆخێکدا دەردەکەوێ، ئەوانیش:

أ. لێکچون و هاوشێوە بوون(التماثل والتشابه):واتە لایەنی لێکچونی نێوان ڕەگەزی ئەفسانەیی و ڕەگەزی ئەدەبی.

ب. شێواندن و گۆڕانکارییەکان (التشويهات والتغيرات): نوسەر پشت بەو جیاوازیانەی نێوان ڕەگەزی ئەفسانەیی مەزرێنراو و زیادکردن و کەم کردنەوەی ڕەگەزی ئەدەبی دەبەستێ. کەوا پانتاییەکی واتایی لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا دروست دەبێ. هەروەک چۆن یەکێکیان سەنتەری داوەکە بێت و دووەمیشیان لایەکانی بۆ خەڵقکردنی جیهانێکی تر کە لە جیهانی ئەفسانە نەچێ.

ت. لێڵی و تێڕوانینی جیاواز(جۆراو جۆر، تعدد الرؤى): نوسەر پەنا بۆ پێچان و داپۆشین و ناڕونی دەبات، لەگەڵ لێڵی ڕەگەزە ئەفسانەییەکە بگونجێ. ئەمەش بوار بە زۆری خوێندنەوەکان و لێکدانەوەکان دەدات.

**3.2.2 بروسکەیی( تیشکدانەوە ,ڕەنگدانەوە، الاشعاع)،Irradiation**

تیشکدانەوە جیا لە ئاماژە فیزیاوییەکەی ، ئەرکی نوێ بە ئەفسانە دەبەخشێ، کە بریتیین لە سێبەر و خەرمانەو ئاماژە واتاییەکان کە ڕەگەزی ئەفسانەیی مەزرێندراو دەیبەخشێ، بە یارمەتی کردەی گونجان و نەرمی و پلە و ڕادەی گونجاندنی لەگەڵ ئاسۆی چاوەڕوانکراوی خوێنەر (جبابلیــة ، ٢٠١٧، ص.٢٠٨) . ئەم تایبەتمەندیانەش نوسەر بەکاریان دێنێ تاکو لە پوختەی کارە ئەدەبیەکەی تیشک بداتەوە، لە کاتی دەستپێکردنی دەق وەکو ناونیشانێک یان سەرەتایەک ، پێشکەشکردنێک برگەیەک لەسەر بەرگی کۆتایی کتێبێک ڕەنگ دەداتەوە. یاخود وەک پێویستیەک لەناو دەق یان ڕستەیەکی تۆکمە و چڕ یان وەکو ئاماژەیەک بۆ رەگەزی ئەفسانەیی. هەر لەبەر ئەمانەش لەوانەیە ڕەگەزی ئەفسانەیی دەرکەوتنێکی ئاشکرای نەبێ لەدەقدا. کەواتە لێرەدا دوو سەرچاوەی لاوەکی بۆ بروسکەدانەوەی ئەفسانە لە دەقدا هەیە((یەکەمیان کۆمەڵێک بەرهەمی نوسەرێکی دیاریکراو بەجۆرێک وێنە ئەفسانەییەکە لە دەقێکی ئەو نوسەرەدا ئامادەیی هەبێ، بەڵام لەوانەیە لە دەقێکی تردا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئامادەیی هەبێ. دووەمیان، خودی ئەفسانەکەیە کە بە ناچاری لە بیرەوەری و خەیاڵی نوسەر بروسکەدەداتەوە ، کە پێویستی بەوە نییە بەڕاشکاوانە گوزارشتی لێوە بکات)) ( عوادی ، ٢٠١١، ص. ٣٧) ، بۆیە ڕەگەزی ئافسانەیی ئاماژە و هێمایەکی گرنگە لە دەقدا، ئەگەر نادیار و لێڵیش بێ، پێویستە توانای بروسکەدانی هەبێ.

پۆلێنێکی تر لە بەکارهێنانی تەکنیکی مەزراندن، ڕێگاکانی ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆ و ئاماژەن:

**یەکەم/ مەزراندنی ڕاستەوخۆ (التوظيف المباشر):**

بریتییە لە درکاندنی ناوی کەسایەتیی کەلەپوری و ئەفسانەیی و ڕاستەوخۆ دەچێتە سەر ڕابوردوی کەسایەتی ناوبراو، یاخود لە مێژو بە چی ناوبانگی دەرکردوە و بە هەموو بەڵگە و ئاماژەکانیانەوە وەری دەگرێ بەمەش گوزارشت کردنەکە یان بە باسکردنی ناوی کەسایەتیەکەیە یان باسکردنی سیفەتێک لەو سیفەتانەی پێی ناودار بووە. هەندێ جاریش نوسەر لەگەڵ ناوهێنانی کەسایەتییەکە هەندێ لەو ڕوداوانە باس دەکات کە کەسایەتیەکە پێیدا تێپەڕیوە.

**دووەم/ مەزراندنی ناڕاستەوخۆ (التوظيف غير المباشر):**

لەم جۆرەیاندا نوسەر/ڕۆمانوس هەندێ دەستەواژە لە دەقی هەڵبژێردراودا بۆ مەزراندن وەردەگرێت و لەناو دەقەکەی خۆیدا دەیمەزرێنێ، وەکو وەرگرتنی وتەکانی کەسایەتییەک بۆ وێناکردنی ئەزمونی سەردەمەکەی خۆی گوتبێتی ،تەنها بە هێنانەوەی یەکێک لە وتەکانی ئەو کەسایەتییە کەلەپوریەی ، کە پەیوەندی بە وتەکەوە هەیە دێتەوە یادمان.(السرحان، ٢٠١٦, ص. ٧٦ )

سێیەم/ ئاماژەکردن (ئاماژەیی)-الماح:

لەم شێوە مەزراندنەدا کەلەپوری ئەفسانەیی مەزرێنراو دیار و ڕون نییە لە دەقەکەدا، تەنها مانا گشییەکەی وەردەگیرێ لە چوارچێوەیەک کە پڕ بێت لە تایبەتمەندیەکانی هاوچەرخ، بە واتایەکی تر (لەدوای شیکردنەوە و دەرخستنی هێما شاراوەکانی دەقی ئەدەبی دەبێ. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر لێهاتویی و بلیمەتی نوسەر کە لە دەقەکەدا خوێنەر هەست بە مەزراندنەکە بکات، بەڵام دەستی بەر ناکەوێ).( زاید، ١٩٩٧، ص. ٢٠١)

ئەم دوو پۆڵێنەی سەرەوە ناونیشان و زاراوەی جیاوازیان بۆ بەکارهاتوە ، بەڵام لە ڕووی چەمک و شیکردنەوەیان و لەبارەی میکانیزم و جۆرەکانی پرۆسەی مەزراندنەوە تا ڕادەیەکی زۆر لەیەکەوە نزیکن.

**ئەنجام**

١.مەزراندن باشترین شێوازە، کە کەلتور و ڕەگەزەکانی ئەفسانە بەکاردێنێ، لە ڕێگەی ئەو دەلالەتە نوێیانەی کە وەریدەگرن ، سەرلەنوێ زیندودەکرێنەوە.

٢. نوسەر پێویستە بابەتی مەزرێنراو لە دەقی ڕەسەن وەرگرێ و شارەزایی لە هێماو ئاماژەکانی هەبێ و وەستایانە لە دەقەکەیدا بیانمەزرێنێتەوە لە پێناو پێکانی ئامانجی مەبەستەکەی.

٣. لە نوسینی دەقێکدا ، نوسەر بەهۆی چەند پاڵنەرێکەوە کە پێیانەوە کاریگەر، پەنا بۆ بابەتی کەلتوری و فۆلکلۆری دەبات و بەشێوەی ڕەمز و مەزراندنی دەلالەتەکانیانەوە بەرهەمێک دادەهێنێ.

٤. ئەم وەرگرتن و بەکارهێنانەی بابەتەکانی کەلتوری و فۆلکلۆریش ، بەڕێژە و شێوازی جیا لەلایەن نوسەرانی جیاجیاوە کردەی مەزراندنی پێ ئەنجام دەدرێ.

**سەرچاوەکان**

**کوردی:**

١. ڕەشید، سابیر (٢٠٠٧). *ڕۆمانی کوردی خوێندنەوەو پرسیار - بەشی یەکەم*، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٢.قادر، کارزان موحسین (٢٠٠٩). *سیما تازەکانی ڕۆمانی کوردی لەنێوان ساڵانی ١٩٩١-٢٠٠٠* ، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، .زانکۆی سەلاحەددین.

**عەرەبی:**

١. ابن منظور، ب.ت، (.......). *لسان العرب*،دار المعارف،مصر.

2. السرحان، حنين جمعة أحمد(٢٠١٦). *أثر توظيف التراث العربي الاسلامي في شعر عبدالكريم أبو الشيح*، كلية الاداب و العلوم و الانسانية قسم اللغة العربية و أدابها، جامعة آل البيت.

3. الصالح، نضال(٢٠٠١). *النزوع الاسطوري في الرواية العربية المعاصرة*، دمشق، إتحاد الكتاب العرب.

4. المخلف، حسن على(٢٠١٠). *التراث و السرد*، ط١، القطر، وزارة الثقافة و الفنون و التراث.

٥.المفرح، حصه بنت زيد سعد(١٤٢٦). *توظيف التراث الادبي في القصة القصيرة في الجزيرة العربية*، ماجستير ، كلية الاداب ، جامعة الملك سعود.

6.ثامر، فاضل(١٩٩٤). *اللغة الثانية في اشكالية المنهج النظرية و المصطلح في الخطاب النقد العربي الحديث*، بيروت.

7.رحاحلة،احمد زهير عبدالكريم (٢٠٠٧). *توظيف الموروث الجاهلي في الشعر العربي المعاصر*،ماجستير ،كلية الدراسات العليا، الجامعة الاردنية.

8. زايد، على عشري(١٩٩٧). *استدعاء الشخصيات التراثية في الشعر العربي المعاصر*، القاهرة، دار الفكر العربي.

9. جبابيلة، لويزة (٢٠١٧). *الرؤيا الاسطورية في الشعر عبد العزيز المقالح* ، دكتورا، كلية اللغة والادب العربي و الفنون، جامعة باتنه، جزائر.

10. عباس، احسان(١٩٧٨). *اتجاهات الشعر العربي المعاصر*، سلسلة عالم المعرفة، الكويت .

11. عوادي، ياسمينة (٢٠١١). *تجليات الاسطورة في" رواية فاجعة الليلة السابعة بعد الالف* - رمل المابة ج١ لواسيني الاعرج، درجة ماجستير، كلية الاداب و اللغات، جامعة قاصدى مرباح و رقلة، جزائر.

12. فراى، نوثرب(١٩٩٢). *ماهية و الخرافة- دراسات في الميثولوجيا الشعرية*، ت: هيفاء هاشم، ديمشق.

13. محمود امين و اخرون(١٩٨٨). *في قضايا الشعر العربي المعاصر*، تونس، المنظمة العربية للتربية و الثقافة و العلوم إدارة الثقافة.

14. ندى، ديانا ماجد حسين(٢٠١٣). *الاسطورة و الموروث الشعبي في شعر وليد سيف*، درجة ماجستير ،كلية الدراسات العليا ، جامعة النجاح الوطنية، نابلس، فلسطين.

15. وتار، محمد رياض(٢٠٠٢). *توظيف التراث في الرواية العربية* ، دمشق، إتحاد الكتاب العرب.

**فەڕەنسی:**

16. Brunel, p. (1992). *Mythocritique*, prsses Universitaires de France.

**توظيف الأسطورة في الأدب**

**نعمه قرەنی اسماعيل** **نوزاد وقاص سعيد**
قسم الكردی/ كلية التربية/ جامعة صلاح الدين/اربيل

**ملخص**

هذه الدراسة بعنوان "توظيف الأسطورة في الأدب". إنها محاولة لتوضيح طريقة توظيف الأسطورة في النصوص الأدبية. الهدف الأساسي من الدراسة هو تقديم أنواع وآليات توظيف الأسطورة في الأدب. وبالتالي ، فإن الدراسة الحالية معنية بكيفية انعكاس الأسطورة في الأعمال الأدبية. الدراسة مقسمة إلى قسمين. ينصب التركيز في القسم الأول على المصطلح والمفهوم وتعريف توظيف ، وبعد ذلك ، يتم تمييز آليات توظيف. ويتناول القسم الثاني دوافع الاستعمال وأنواعه. أخيراً ، يتم عرض الاستنتاجات والمراجع الرئيسية للدراسة.

**الكلمات الدالة:** توظيف, الاسطورة, اليات الاسطورة, انواع التوظيف.

**The Use of Myth in Literature**

**Neamah Qrany Ismail** **Nawzad Waqas Saeed**
Kurdish Department/ College of Education / Salahadin University-Erbil
neamah.ismail@su.edu.krd nawzad.saeed@su.edu.krd

**Abstract**

This study is entitled "The Use of Myth in Literature". It is an attempt to demonstrate the way myth is used in literary texts. The primary objective of the study is to present the types and mechanisms of myth usage in literature. Thus, the current study is concerned with how myth is reflected in literary works. The study is divided into two sections. The focus of the first section is on the term, concept and definition of Use, following this, mechanisms of Use are highlighted. The second section deals with the motives of Use and its types. Finally, the main conclusions and references of the study are presented.

**Keywords:** Use, Myth, Use mechanisms, Types of Use.